## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٦٢) لە ٢٠٢٤/٩/١١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٣٧) لە ٢٠٢٤/٩/١٠ تایبەت بە پەسەندکردنی ڕاسپاردەی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان ئەنجومەنی وەزاریی فیدراڵی بۆ ئابووری و ئەنجومەنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٢٤/٩/٩، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٩) لە ٢٠٢٤/٩/١١، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆدەنگ بڕیاری دا بە:

١. جەختکردنەوە لە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەردەوامبوون لەسەر تەواوکردنی ڕێکارەکانی هێنانەکایەی ژمارەی وەزیفی بۆ ئەو مووچەخۆرانەی هەرێمی کوردستان کە تا ئێستا تۆمارنەکراون، و ڕەچاوکردنی تێبینی و سەرنجەکانی دیکەی هاتوو لە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ڕاپۆرتی تیمی هاوبەشی دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ و هەرێم.

٢. ئەو مووچەخۆرانەی تا ئێستا تۆماری بایۆمەتریان ئەنجام نەداوە و (ژمارەی وەزیفی)یان وەرنەگرتووە، پێویستە لە نزیکترین دەرفەتدا سەردانی بنکەکانی تۆماری بایۆمەتری بکەن بۆ ئەم مەبەستە، بە پێچەوانەوە بەرپرسیارێتیی خەرجنەکردنی مووچەکانیان دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان.

٣. ناردنی لیستی نوێی ڕاستکراوەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم و ژمارەی وەزیفییان بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵ تاوەکو لە بەرامبەردا حکومەتی فیدراڵ تەواوکاریی مووچەی مانگەکانی پێشوو بنێرێت کە خەرجکردنی ڕاگیرابوو تاوەکو مووچەی مانگی ئاب لە هەرێم دابەش بکرێت و ئامادەکاریی پێویستیش بکرێت بۆ مووچەی مانگی ئەیلول، لە هەمان وادەی خەرجکردنی مووچەی مانگی ئەیلولی ناوچەکانی دیکەی عێراق.

حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

٤. جەختکردنەوە لە تەواوکردنی بەئەلکترۆنیکردنی ناوەندیی سیستمی مووچە لە هەرێمی کوردستان (Payroll system) بۆ سەرجەم یەکەکانی خەرجی لە وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە هەرێمی کوردستان.

٥. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**